جليل القيسي:
عشت في العزلة، وعانيت ردحاً من الزمن من تصحر شديد في الروح

جليل القيسى من مواليد كركوك ١٩٣٧ وهو من الكتاب العراقيين المشهورين فى مجال القصة والمسرحية، حيث نرى تأثيراته الكتابية واضحة وجلية فى القصة العراقية بل والقصة العربية، فجليل له اسلوب قصصى خاص به كما ويمتلك لغة شاعرية سلسة وجذابة ويختار أفكارا انسانية ذات معانى ودلالات عميقة، جليل من الجيل الستينى وهو وتد من أوتاد القصة العربية المعاصرة، له مجموعة كتب من القصة والمسرحيات ذات الفصل الواحد حيث عرضت أغلب مسرحياته على مسارح بغداد أو خارج العراق.. ارتأت بدرخان أن تجرى معه هذا اللقاء السريع لاطلاع القارئ الكردى على هذا القطب الكبير والوتد المنبوت بصلابة فى قعر التفكير العراقى الأصيل..

لقاء: حميد أبوبكر

*ماهو السر ياترى بأنك غالبا تعود لمقولات المشاهير في كتاباتك وتقتبس منها، منهم كبار رجال المسرح والروائيين..؟

–عندما دخلت عالم الأدب كنت اجيد اللغة الأنكليزية اكثر بكثير من اللغة العربية لأنني غادرت مقاعد الدراسة بعد الأبتدائية ودخلت معهد التدريب في شركة النفط حيث درست اللغة الأنكليزية ومن ثم سافرت الى امريكا.. في الأدب الغربي وجدت ان اللغة تنفجر، تهدر، ترعد عند الضرورة، وتكون هادئة ناعسة مثيرة، لذيذة ايضا في حالات اخرى، ولكنها ايضا عصية على الفهم، هوميروس، شكسبير، راسين، ديكنز، لقد اثروا في تأثيراً كبيراً، لا غرابة انني اقتبس منهم حكمياتهم وما اكثرها.. لكن طبعاً هذا لايعني البتة ان لغتي العربية ليست عظيمة وثرية بل باذخة الثراء، ولقد تعبت بل شقيت في تعلمها بسبب ابتعادي من الدراسة.

*كيف تصف كركوك بين الموسيقى والألوان..؟ وبماذا تذكرك كركوك..؟ وتذكرك باية سمفونية..؟

–لقد مجدت كركوك بأسم آرابخا في العديد من قصصي التراثية لأنني أعشقها. قصص مثل مملو ، مملكة الأنعكاسات الضوئية، ابيرا، وهلوان، نيدابا، صباح مشرق مع الأميرة مي–سي، كاك حميد، كان البابليون ينشدون هدى الآلهة بأن يقضوا الليل في مكان مقدس آملا في وحي ينزل عليهم في الحلم، وفي اليقظة.. ففي كركوك هذه المدينة الناعسة الجميلة التي ولدت او شيبت، وكبرت فيها بعد ان دربت منذ الطفولة على الأغاني الكردية الساحرة، والخوريات الجميلة، ثم تعرفت على الموسيقى الغربية، سمعت كانتات الموسيقار العظيم باخ، وسيمفونيات موزارت، وعشقت حدّ جنون اغاني خالد الذكر الموسيقار سيد درويش، والملا عثمان الموصلي. في هذه المدينة حباني الله بموهبة الكتابة، في كركوك كتبت كل اعمالي.

*من بين الوجود الكردي والعربي والتركماني والكلدوآسوري اين تجد نفسك..؟

–يا الهي، حتماً اجد نفسي في الجميع.. هم مثل الغناء الرائع ارق شيء خلقه الله، و؟؟؟ على الأذن والقلب، والفرح، يقول نيتشة (الحنان الأعظم بازدياب الحب) مع هؤلاء خلال ستة عقود ونيف تعلمت الحنان والحب، واتكلم لغتهم بطلاقة بأستثناء الأرمنية التي والأثورية اتكلمها بصعوبة.. انني معجون بطين وصخر، ونفط كركوك، لقد اكتحلت منذ صغري عيناي بقلعتها العتيدة، بابا كركر، وجريت طويلاً مع اقراني في ازقة قلعتها.. كركوك آه كركوك دائما لديها فكراً يحصرم ويعد بكروم.. اجل انها بحق امشاج من القوميات وكوكتيل من اللغات.. المجد لمدينة القوميات..

*انك تريد ان تخاطب التأريخ بلغة معاصرة، الا ترى بأنك تغدر التأريخ كما هي الحال في بعض نماذج قصصك..؟

–لا إطلاقا.. على العكس امجده.. لأنني يا كاك حميد لا آخذ الرماد من التأريخ بل الشعلة الحية منه واضعها في قالب معاصر واجعلها اكثر ديناميكية وثورية.. كذلك فعل راسين، كورني، سارتر..

*نشم رائحة الخمر وظلال روح المسيح وصدى موزارت في بعض نماذجك القصصية..لماذا..؟

–الخمر..؟! يقول شاعركم العظيم احمد الجزيري (حين منحنا الحبيب الخالق ذرة من رحمة عنايته كان الخمر الكأس من نصيبنا من الهداية).. اما المسيح، فصدقني اعشقه كأنسان، وقد زاد حبي له بعد ان قرأت كتاب الألماني–اميل لودفيل (ابن الأنسان) ومؤخراً رواية كازانتزاكي–الأغواء الأخير للمسيح–اما موزارت وحده، هذا الطفل الألهي يسكرني بعذوبته، وتلقائية الحانه، وجمال وروعة جمله الموسيقية..

*اليس عالمك عالما غريباً؟

–بالظبط...يتيه فيه القارئ احياناً تيهان ثيسيوس في عطره.. على القارئ الذكي ان يحمل معه مفاتيح ابواب قصصي ليعرف متى واين يفتحها.

*كيف قضيت ٣٥ سنة من عمرك داخل سلطة ارهابية وقمعية ودكتاتورية تقتل كل ماهو جميل..؟

–عشت في العزلة، وعانيت ردحاً من الزمن من تصحر شديد في الروح.. لقد كتبت لصديق قبل فترة، لا اعرف لمن بالضبط لأنني للمناسبة بعد سقوط الدكتاتور رحت اكتب رسائل عديدة للأخوة الرائع الكبير شيركو بيكس، رؤوف بيكرد، اسماعيل برزنجي، صباح شواني، زاهر الروزبياني.. كتبت لأحد هؤلاء الأعزاء ما معناه: في ظل حكومة البعث عانينا من الخصاء، من عنانه داخلية، بل عنانه في كل شيئ. اجل لقد فقدنا جميعاً بوصلتنا لمعرفة اين نحن، اين نذهب، الى متى..؟

كان انيننا يجرح الليل ويرتفع عاليا ثم يموت برفق.. اجل عشنا جميعاً بخوف.. ما اكثر ما كنا نردد ابيات ذاك الشاعر الرائع عريان السيد خلف:

الخوف توزع بدربنه
وجيب اللي يلمه
يا صبر انطينه روحك
شبقه بينه–تدرينه يا صبر

تحية حب للمبدع عريان..

*بما انك مسلم كيف تسنى لك، وكيف قبلتك العشيرة عندما تزوجت من فتاة مسيحية..؟

–ياالهي.. كاك حميد، مادخل العشيرة في حبي..؟ انا منذ ان عرفت نفسي اطبق كلمات المسيح (إنني اتبع ما يقوله ناموس قلبي).

*بين المسرح والقصة متى ولدت أول حبيبة لك..؟

–اول حبيبة كانت قصة بعنوان (الطفل والشاحنة) نشرتها في مجلة الآداب البيروتية، والثانية عن الفنان العظيم فان كوخ.. كانت مسرحية بعنوان (وداعاً أيها الشعراء)..

*كيف ترى مستقبل العلاقات العربية الكردية وكيف تنظر الى التعايش القومي في كركوك..؟

–أرى مستقبلاً رائعاً وعظيماً لعلاقتهما، سيما وقد تعلما دروسا بثلاثة عقود من حكم الدكتاتور الذي حول العراق الى مجرد منملة كبيرة..





لەودیو ماڵەکانی ئێمەوە مرۆڤێك بە تەنها دەژی

ئا: هەوراز محەمەد

ژیان بێشەیەو جۆرەها خەڵکی تێدا دەژی، هەرکەسێکی ناو ژیان خاوەنی ژیانی تایبەتیی خۆیەتی و جیاوازە، بەڵام جاری وا هەیە ئەم جیاوازییە مرۆڤی ئەوهات بۆ دەخوڵقێنێت کە راتدەوەستێنێت و وات لێدەکات کەمێك رابمێنیت.

بلیمەتەکان کە جۆرێك لە شێتیلە ئاکاردا پیادە دەکەن، کاری سەیریان ناوەتەوە هەر وەك ڤان کوخ چۆن گوێی خۆی بڕی و صادق هیدایەتی خۆی کوشت و نیچە کۆتاییەکانی ژیانی بە شێتی بەسەر برد، بەڵام ئەگەر کەسێکی شاری سلێمانی واز لە ژیانی ئاسایی خۆی بهێنێت و ژیانی تایبەتی و نەچوونەوەی بۆ چوار دیواری ماڵ هەڵببژێرێت و تەنها خەریکی وێنەکێشان و شیعر نووسین و کاری هونەری و دەستی بێت چی..؟

ئێوارەیەك (هێمن جەمیل)ی رۆژنامەنووسی هاوڕێم پێی وتم کە پیاوێك بە ناوی (ئەکرەم) لە دەباشان کووخێکی بۆ خۆی دروست کردووەو و تەنها خەریکی وێنەکێشانەو وازی لە ژیانی ئاسایی هێناوە، منیش پێم باش بوو بچینە لای و دیدارێکی لە گەڵدا ئەنجام بدەین، هەر ئەو ئێوارەیە چووینە لای، کووخێکی رەنگین و رازاوەبە کۆمەڵێك وێنە کە خۆی کێشابوونی، دۆشەکێك کە لە سەری دادەنیشێت و دەخەوێت، هەر چوار دەوری بۆیەو ماجیك و وەرەقەو بوتڵی ساردیی زەمزەم بوو لەگەڵ دوو پاکەت جگەرەو چرایەك.

دوای ئێوارە باش کەمێك دانیشتن و پەیڤان، ئەو وتی: تا ئێستا کۆمەڵێك لە رۆژنامەنووسی کوردو بیانیش هاتوونەتە لام، بەڵام ریگام بە کەس نەداوە دیدارم لەگەڵ ساز بدەن، بەڵام دوای ئەوەی ئێمە باسی بەدرخان و کارەکامان کردو بەدرخانی بینی، رازی بوو بە دیدارێکی کورت..

*بۆ تا ئێستا دیدارت ساز نەکردووەو ریگا بە رۆژنامەکان نادەیت..؟

–من پێم وایە چاپکراوەکان ئەوەندەی دەکرێن بە لوولەی گوڵەبەڕۆژەو لە شوێنی کارگەکاندا بەکاردەهێنرێن ئەوەندە خەڵك نایانخوێنێتەوە، بۆیە نامەویت لە رۆژنامەدا دیدار بکەم.

*ئەکرەمی وێنەکێش پێش ئەوەی بێتە ئێرە خەریکی چی بوو..؟

–سەرقاڵی ئەندازیاری و زانکۆی بەغدام تەواوکردووەو دوو ساڵ لە سوید ژیاوم، بەڵام لەم ماوەیەی ئێشوودا سەیارەیەك لێیدامو هەردوو قاچمی لەکار خستو ئێستا ناتوانم پێیان بڕۆم، پێنج مانگ لە نەخۆشخانە بووم، دواتر هاتمە دەرەوەو بریارمدا نەچمەوە بۆ ماڵەوەو لەو کاتەوە تا ئێستا هەر ماوەیەو لە شوێنێك کووخێك

دروست دەکەمو دەژیم..

(لە کاتی قسەکردندا بووین، منداڵێك سەریهێنایە کەپرەکەوەو وتی؛ کاك ئەکرەم، خوشکەکەم ناردوومی وێنەکە.. تەواو بووە، لە ناو وێنەکاندا گەڕاو دۆزییەوە، پەرداخێك شەراب کیژێکی تێدابوو سەیری پەپوولەیەکی دەکرد کە بە دەوری مۆمێکدا دەسووڕایەوەو ماریێك بە پەرداخەکەدا سەرکەوتبوو بۆ کۆترێك کە پێدەچوو نامەبەری ئەم کچە بێت، وێنەکەی دایە دەستو منداڵەکە ڕۆیشت).

*لەگەڵ خوێندنەوەدا..؟

–زۆر کەم کاتم هەیە، دەبێت ئەوەی هەمە بە کارەکانمەوە خەریك بم، هەر وێنەیەك کە دەیکێشم رۆمانێکە، رۆمانێك کە یەك شت نییە، تۆ تەفسیری خۆتو ئەو هی خۆیو منیش تەفسیری خۆم هەیە..

*رقت لە خەڵکە وا دوورکەوتوویتەوە یان چی..؟

–من هەموو مرۆڤایەتیم خۆشدەوێت، بەڵام حەز بە شێوە ژیانیان ناکەم، ناشمەوێت کەس ببینمو پێویستم پێی نییەو چراکەشم بۆ خۆم نییە بۆ ئەوە نەبێت کە زوو زوو میوانم دێت..

*شەوانی تاریك حەز بە چی دەکەیت..؟

–کە دنیا کپ دەبێتو سەیری جریوەی ئەستێرەکان دەکەم، حەز بە مۆسیقا دەکەم، بە تایبەتی کارەکانی بتهۆڤنو مۆتسارت (دەستی دایە تەسجیلەکەیو وتی رادیۆشی تێدایە، بەڵام من پێویستم پێی نییە).. (ئەو باسی ئەوەشی بۆ کردین کە بە رۆژ خولی فێربوونی خۆشنووسیی بۆ منداڵان کردووەتەوە)..

*ئەم کارانە چۆن دەکەیت..؟

–من فرۆشیار نیم، ئەگەرچی کریاری هەموو شتێکم کە ئازارم بدات، تا شتی لێوە فێرببمو ئیشی تێدا بکەم، کێ بیەوێت شتێکی بۆ دروست بکەم بە خۆڕایی بۆی دروست دەکەم، وەك وتم فرۆشیار نیمو تەنها بۆ خۆم ئیش دەکەم..

*کێ یارمەتیت دەدات..؟

–خوای مەزنو کاك ئەریمان گۆمەیی کوردێکی دانیشتووی دانیمارکەو هونەر دۆستە..

*بابێینە سەر نووسین، چی وات لێدەکات بنووسیت..؟

–هەر شتێك کەتیغم بکات، هەموو شتێکی جوان، من تەنها بۆ خۆم دەنووسم، ئەوانەی لە دەرەوە لافی شاعیرێتی لێدەدەن، نازانن شیعر چییە..؟

*هیچ کەس..؟

–هیچ کەس، بەڵام مەبەستم نالیو مەحویو مەولەویو ئەوانی تر نییە..

*شیعری سەربەست دەنووسیت یان شێوەی کلاسیك..؟

–کلاسیك.. پێم وایە شیعر واتا کێشو سەرواو موزیك، دەرفەتم بدە با چەند قسەیەکم هەیە بۆ (شێرکۆ بێکەس) کە خۆی بە شاعیرو هەست ناسك دەزانێت، ئەو دەڵێت: (هەڵەبجە ئەچێ بۆ بەغدا)، ئاخر بۆ..؟ بۆ ئەوەی لەوێ سواڵ بکات، بکرووزێتەوە..؟! تاکەی کورد ئەوەندە خۆی بە کەم بزانێت..؟!

*ئەی تۆ بۆ ئەوە دەڵێیت چی..؟

–دەك بەغدا کۆڵەواربیت، وەك چۆن هەڵەبجەت کۆڵەوار کرد، نایەم بۆ لات، بەغدا ئەگەر تۆ هاتیت بۆ لام بە کۆشكو تەلارتەوە بە دیجلەو فوراتتەوە بە دارخورماکانتەوە بە نووکی قەڵەمی شاعیرە بە هەڵوێستەکانتەوە وەرەو دەست لە ملانی هەڵەبجەم بکە، لە دەروازەکەیدا چۆن بە زەویدا بدەو قوڕ بپێوەو تێر تێر بگری، بە قەد فرمێسکی دیجلەو فورات بگری، ئەو کات قیژەی دایك بۆ کۆرپەکەیو کۆرپە بۆ کۆشی دایکی بێگیان ببیستە، ئەگەر چی دەترسم بترسیت، رابکەیت، ئێمە خاکمان خەنەبەندانی خوێنو هەموو بستێکی خوێنی شەهیدانە..

(دیاربوو تووڕە بوو بوو، سەرێکی هەڵبڕیو وتی: کاکە من نەمبینیوە وەزیر شاعیر بێت، سیاسی هونەرمەند بێت، ئاخر بۆیە دەڵێم نازانن شیعر چییە، کێ دەڵێت من شاعیرم با شەوێك بێت لێرە بخەوێت لە ناو مارو مێروو، لەم دۆڵو گردەدا..).

*ئێوە کە ناتوانن بە قاچەکانتان رێبکەن نائومێدنین..؟

–نەخێر، من خۆشبەختترین پیاوی دنیام، ژیانم زۆر خۆشدەوێت، خوای مەزن شتەکانمان دەداتێ هەر خۆشی لێمان دەسەنێت، بۆیە گرنگ نییە قاچم چاکدەبێتەوە یان نا، ئێستا بێن بە شوێنمدا بڵێن کەسێك لە نەخۆشخانە کەوتووەو پێویستیی بە گورچیلەیەك هەیە یان چاوێك.. ئامادەم بچم لەگەڵیداو دوایی دێمەوە بۆ ئێرەو گرنگ نییە بە لامەوە، گرنگ ئەوەیە یارمەتیی کەسێکم دا.

*دواکارو پرۆژەو نیازتان چییە..؟

–لەم ماوەیەدا شوێنە کە دەباشانە پیشانگەیەك دەکەمەوەو ئاگاداریی بۆ دەکەم، دواتر ، دواتر سەردانێکم هەیە بۆ ئێران، هەندێك گفتیان داومەتێ کە وێنەکانم لەوێ بکەن بە فەرش، لەوێ سەردانێکی گۆڕی مامۆستا حەسەن زیرەك دەکەمو دێمەوەو پاش ماوەیەك دەچمەوە بۆ ئەوروپا، کاك ئەریمان فیزەو کارەکانی بۆ جێبەجێ کردووم.

*کاك ئەکرەم، ماندوومان کردیت.. سوپاس..

–ئەرکتان کێشا، سوپاس بۆ ئێوەو رۆژنامەکەتان، وەك لە سەرەتاوە وتم؛ زۆر لە رۆژنامەنووسان هاتن، بەڵام ریگام بە کەس نەدا، بەڵام بۆ ئێوە ئاساییە، گرنگ ئەوەیە بوێربن لە وتنی راستییەکاندا..

بەکر ئاڵەیی:
نیشتمان خوڵقێنەری وێنە ئاوییەکانی شیعرە

هەڤپەیڤین: محەمەد چاوشین–قەڵادزێ

بەکر عەلی عەبدوڵڵا ناسراو بە بەکر ئاڵەیی، یەکێکە لەو دەنگە شیعرییەی کەماوەی چەند ساڵێکە لەبواری شیعردا دەنووسێت و جار ناجاریش بەبابەتی فکری و رۆشنبیری رووپەڕی رۆژنامەو گۆڤارەکان بەسەر دەکاتەوە.

بەکر ئاڵەیی ساڵی (١٩٦٧) لەگوندی (ئاڵان)ی دەڤەری پشدەر چاوی بەژیان هەڵهێناوەو ئێستا دانیشتووی شاری رانیەیە. لەسەردانێکماندا بۆ شاری رانیە بەچەند پرسیارێك بەسەرمان کردەوەو کردمانە میوانی لاپەڕە رەنگینەکانی مانگنامەی بەدرخان.

*سەرەتای ئاشنابوونت بەجیهانە مەزنەکەی شیعر بۆ چ زەمەنێك دەگەڕێتەوە..؟

–کاتێك زانیم زێدەکەم لەمەراقێکدا بێ ورتەیەو چرنووکی کۆڵۆنیالیستو سێبەری فاشی مێژوومان دەشێوێنێت، لەوێوە پەنجەرەیەکم بەدی کردو روانیمە ئازارەکان، لەوێوە هەستێك ئامازەکانم بوروژێنێتو شنەیەك بن بۆ ئیستێك کەدەکرێت لەو راوەستانەدا ئاوێتەی خوێندنەوەیەکی لۆژیکی بین، نزیك بوونەوەم لەشیعر پەیوەستە بەحەرامکراوبوونی ناخمان و لێسەندنەوەی ناسنامەی مرۆیی بوونمان ، واتە هەموو ئەو زەمەنە هارانە دەگرێتەوە کەوجودمان لەهاریندابوو.

*شیعر لای تۆ چ مانایەك دەبەخشێتو چۆن پێناسەی شیعرمان بۆ دەکەیت..؟

–شیعر قسەیەکی سروشتە بۆ گوڵەکان، زەمەنێکە بۆ پرۆژە سەنگینەکانی مرۆڤایەتی واتە مانیفێستی ژیانە ئیحساسێکی خواستراو نییە، بەڵکو رەهەندێکە بۆ کاملبوونی پرۆژە مرۆییەکان، چەندێ کاری لەسەر بکەیت، فراوانییەکەی داناپۆشیتو جێگای بەئەنجام گەیاندنی ئەرکە مرۆییەکانی تێدا دەبێتەوە، شیعر سرینەوەی باهۆزەکانی رق لێبوونەوەو بەسەمیمی بوونی قسەکانی عەشقە، شیعر راڤەکردنی خودە بۆ ئیلتیزامکردن بەجوانی.

*کاریگەرترین کەرەستەی شیعری لای تۆ چییە..؟

–پرسیارێکە پێویستیی بەشۆڕبوونەوەو چڕبوونەوە هەیە، کەسانێکی زۆر لەسەر کەرەستەی شیعری قسەیان کردووەو روانینی جیاجیایان هەیە، وای دەبینم ئەو ئیحساسانەی وێنەی شیعری بەرهەم دەهێنن و دونیایەکی جاوید فەراهەم دەکەن، بەهای ئینسانە، ئینسان خۆی باشترین و کاریگەرترین فاکتەرە کەوێنەی شیعری پێ دەبینرێت دوای ئەوە، کەئینسان خەسڵەتێکی پەیوەست بەموعانات و هەستەکانیەتی چالاکانە بۆ ماڵێك دەگەڕێت تاپشوویەك لەئەندێشەکانیدا وێنە بکات و بیدات لەسنگی نیشتمان، واتە نیشتمان خوڵقێنەری وێنە ئاوییەکانی شیعرە، شیعریش پێمان دەڵێت هەموومان بێ نیشتمان مێژوویەکی وێران و کتێبێکی تاریکین..

*دەکرێت قسە لەسەر ئەمڕۆی شیعری کوردیی بکەین..؟

–بزاڤی شیعر یان هەر بزاوتێکی ئەدەبی، پەیوەستە بەئاستی خوێندنەوەی کۆمەڵگە، کۆمەڵگە چەندە بەرەوپێش بچێت، شیعریش زادەی سەردەمو بزاوتەکانە لەهەمان کاتیشدا شیعر گەلێك جار داینەمۆو جووڵێنەری رابوونو هەستانەکان بووە، ئاماژەکردن بەجووڵانەوەی شیعر دەکرێت، رەخنەگران و لێکۆڵەرەوان لەئاست وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا بن، بەڵام من وەك خوێنەری شیعرو دۆستی شیعر خوێندنەوەم، بۆ ئەم بزاوتە دەڵێم هەر شتێك ئامادەگیی هەبێت بۆ وەرچەرخاندنی زەمەنو لەئاست گۆڕانکارییەکاندا بێتو ئەو وێنەیە بێت بۆ گۆڕانو بەدوای نهێنییەکان بکەوێتو کاربکات تا گومانمان خەستتربێتو بێ پرسیار نەبێتو هانمان بدات رەخنەبگرین ئەمە سروشتی شیعرە..! بڵاوکراوەکان شیعری جوان بڵاودەکەنەوە، خۆ ئەگەر کەسانێك زەوقی شیعریان نەبێت حەتمەن ئەم دەقانە بەشیعر نازانن. ناسینی دەقە شیعرییەکان و ژانرە ئەدەبییەکان پەیوەستە بەسەلیقەیەکی سەلیم نەك بەزمانی وشكو بەمەغزی دۆگما و دوور لەماڵی شیعر قسە فرێ بدەن..!

بەدیدم شیعر بۆخۆی چرنووکێکی خوایە بۆ خوڵقاندن، واتە پێگەیشتن بەمانای شیعر واتە عاشق بوونە بەنیگا پەیوەکانی سروش. خرکردنەوەی ئەو نیگایانەیە کەئەرکی شیعرە وێنەیان بکێشێت. شیعری کوردی لەو ئاستەدا دەبینم کەئیدی نەك تەنها ئیحساسێکەو زادەی ئازارو موعاناتەکانی ئینسان بێت، بەڵکو هەموو ئەو تخوبانە دەهارێت کەکەسایەتی و ناسنامەی ئینسانیان تەوقکردووە. تێکشکاندنی نەریتە ناشیرینەکانی کۆمەڵگەی لەئەستۆدایە. لەو ئاستەیدا دەبینم شیعری کوردی چاوەڕوانی قۆناغی نوێ دەکات.

بەپەراوێزکردنی قەڵەمە نوێیەکان بەبۆچوونی من غرورِبوونەو بازدانو بەجێهێشتنی سروشتی گەورەبوونی شیعرەو جنێودانە بەپرۆسیسی لەمەحەکدانی شیعر. دووركەوتنەوەیە لەپرۆژەی رەخنەگرتن. واتە رەوشی رۆشنبیرکردنی ئەندامەکانی کۆمەڵو هۆشیار بوونەوەی کۆمەڵگە دەچێتە پەراوێزەوە. دەستبردن بۆ هەر قسەیەك کەبتەوێت بیکەیتە شیعر یان دەستبردن بۆ جوانکردنی وشەکان کۆششێکە بۆ هاندانی خوێندنەوەو راڤەکردنی فیکرو بەدواداچوونی نهێنییەکانی کتێب. لا لێکردنەوەو گرنگیدان بەرەخنەو خوێندنەوەی قەڵەمە نوێیەکان ئەرکێکی هەنووکەییە، پێچەوانەکەی خوڵقێنەری کۆسپە بۆ باڵابوونی شیعرو بەها جوانەکانی.

واتە خۆ بواردنمان لەخوێندنەوەی بزاوتی ئێستای شیعری کوردی نەخوێندنەوەی کولتوورو دیرۆکی نەتەوەییمانە.

*سوپاس بۆ ئەم دیدارە.

–منیش زۆر سوپاستان دەکەم.